# ئاڕاستەکانی گوتاری ڕۆژنامەوانی هەفتەنامەی ڕوداو بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بەپرسە نیشتمانییەکان

## توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ هەواڵەکانی ڕوداوەکانی ڕۆژئاڤا ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ بەنمونە

**ئاریانا ئیبراهیم محمد**[١]

[١] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوخته**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ خستنەرو و گفتوگۆ لەسەر بابەتی گوتاری ڕۆژنامەوانی لە پرسە نیشتمانییەکان، کە بریتییە لە توێژینەوەیەکی شیکاریی پشت بە میتۆدێکی شیکردنەوەی چۆنیەتی دەبەستێت بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی هەواڵەکان سەبارەت بە بیرۆکە و پاساوەکانی، چوارچێوەکانی پشتبەستراو و هێزە کاراکان نێو گوتاری ڕۆژنامەوانی هەفتەنامەی ڕوداو، هەروەها بەکارهێنانی شێوازی شیکاری ڕەخنەیی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی لە پشت ئەم پەیامانەی ئاڕاستەی جەماوەر دەکرێن بۆ ئەم توێژینەوە زۆر گرنگە بۆ یەکەم جار کار لەسەر بابەتێکی پەیوەست بە پرسە نیشتمانییەکان دەکات. بۆیە بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕاستیانەی پەیوەستن بە پرۆسەی گەیاندنەوە و ئەو پەیامانەی کە لە ڕێگەی کەناڵەکان و دەزگاکانی ڕۆژنامەوانی ئاڕاستەی خەڵك دەکرێن لەپێناو وەسفکردن و شیکردنەوە ئاڕاستەکان بە ئامانجی گەیشتن بەو ڕاستییە زانستیانە توێژەر ئەم توێژینەوەی ئەنجامی داوە، بەکارهێنانی ڕێبازێکی زانستیی بواری ڕاگەیاندن وەك شیکردنەوەی گوتار بە پشتبەستن بە ئامرازەکانی شیکردنەوە لەڕوی چەندی و لەڕوی چۆنیەتی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری پێویست. توێژینەوەکە شیکردنەوەی بۆ گوتاری ڕۆژنامەوانی و ئاڕاستەکان و تایبەتمەندییەکان و جۆرەکانی دەکات و گرنگی گوتار لە پرسە نیشتمانییەکان بۆ ڕوداوەکانی ڕۆژئاڤا لە هەواڵەکانی هەفتەنامەی ڕوداو و پێویستییەکانی لە ڕاگەیاندنەکاندا بۆ یەکگوتاری بەتایبەتی لە پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا دەخاتەڕو. لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا بونی گوتارێکی یەکگرتوی پەیڕەوکراوی ڕۆژنامەوانی لەنێو دەزگا ڕۆژنامەوانییەکاندا لە پرسە نیشتمانییەکان بە لاوازی دەردەکەوێت، کە پێویستە کاری لەسەر بکرێت و دەستەبەرکردنی یەکگوتاری ڕۆژنامەوانی هاوکار بێت لە جێگیرکردنی ئارامی و ئاسایشی هاوڵاتیان و کۆمەڵگا.

**کلیله وشه:** پرسە نیشتمانیەکان، گوتاری ڕۆژنامەوانی، میدیای نوسراو، هۆشیاری نەتەوەیی، هەفتەنامەی ڕووداو

## ١. پێشەکی

ئەم توێژینەوە کار لەسەر بابەتی ئاڕاستەکانی گوتاری ڕۆژنامەوانی دەکات و ڕۆڵی سەبارەت بە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە پرسە نیشتمانییەکان، کە زۆر گرنگە و بۆ یەکەم جارە باس لە بابەتێکی هەستیاردا پەیوەستە بە ژیانی خەڵکەوە و خاك و وڵات دەکات. بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕاستیانەی پەیوەستن بە پرۆسەی گەیاندنەوە و ئەو پەیامانەی کە لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕۆژنامەوانی ئاڕاستەی خەڵك دەکرێت لەپێناو وەسفکردن و شیکردنەوە و پێشبینیکردنی ئاڕاستەکان بە ئامانجی گەیشتن بەو ڕاستیە زانستیانەن کە توێژەر لە پێناویدا توێژینەوە ئەنجام دەدات لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕێبازێکی زانستیی بواری ڕاگەیاندن بە پشتبەستن بە ئامرازەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆك و توێژینەوەی مەیدانی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە بارەی کێشەکەوە .

توێژینەوەکە لە پێشەکی و سێ بەش پێکهاتووە لە بەشی یەکەمدا تیایدا چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە خراوەتەڕو کە میتۆد و لایەنی تیۆرییەکەی لەخۆدەگرێت، لە باسی دووەمدا لایەنی تیۆری توێژینەوەکە کە باس لە چەمك و پێناسەکانی گوتاری ڕۆژنامەوانی و ئاڕاستەکان و تایبەتمەندییەکان و جۆرەکانی پاشان گرنگی گوتار لە پرسە نیشتمانییەکان خراوەتەڕو کە پێویستە لە ڕاگەیاندنەکاندا یەکگوتاری هەبێت بەتایبەتی لە پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا. لەبەشی سێیەمدا لایەنی شیکاری و مەیدانی توێژینەوەکە خراوەتەڕو. لە کۆتاییدا توێژەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە خستۆتەڕو لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٣، ژمارە ٢ (٢٠٢٠)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١١ کانوونی دووەم ٢٠٢٠؛ پەسەندکردن: ٢٥ حوزەیران ٢٠٢٠
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٣١ کانوونی یەکەم ٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: aryana.mohmad@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٠ **ئاریانا ئیبراهیم محمد**، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp44-54

## ٢. چوارچێوەی زانستی توێژینەوەکە (میتودۆلۆجی)

### ١.٢ کێشەی توێژینەوە:

چەندین دیاردەی میدیایی هەن کە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و قسە لەسەر کردن هەیە لە پێناو زانینی بارودۆخی کێشەکە و هۆکارەکانی تاکو بتوانرێت ئاڕاستەکانی پێشبینی بکرێت. کێشەی توێژینەوە دەلالەت لە بیرۆکەیەك یان بابەتێك دەکات کە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ڕەهەندەکانی لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستیدا هەیە (عبدالحمید، ٢٠٠٠، ٥٨). لەم توێژینەوەیەدا، (ئاڕاستەکانی گوتاری ڕۆژنامەوانی هەفتەنامەی ڕوداو بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە پرسە نیشتمانییەکان) کەناڵی ڕوداو بە نمونە وەك کێشەیەکی دیار بۆ خستنەڕوی هۆکار و دەستنیشانکردنی چارەسەر لە ڕێگەی شیکرنەوەی ناوەڕۆك و هەواڵەکانی کەناڵی ناوبراو لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکدا دەستنیشانکراوە.

### ٢.٢ پرسیارەکانی توێژینەوە:

بەپێی کێشەی ئەم توێژینەویە چەند پرسیارێکی لێ دەبێتەوە، بەمەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی کێشەی توێژینەوەکە، توێژەر هەوڵ دەدات لە ڕێگەی بەدەستهێنانی وەڵام بۆ ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە وەڵام بۆ پرسیاری سەرەکی بەدەست بهێنێت:

- ئایا گوتارەکانی ڕاگەیاندن لە کەناڵی ڕوداو لە مەڕ ڕوداوەکانی شەڕی (کانی ئاشتی) لەسەر شارەکانی ڕۆژاڤا لە خزمەتی پرسە نەتەوەییەکاندا بو؟
- ئایا کەناڵی ڕوداو لە بڵاوکردنەوە هەواڵ و بەرنامەکانیدا بێلایەن بو؟
- گوتارەکانی کەناڵی ڕوداو تایبەت بە ڕوداوەکانی ڕۆژاڤا چ جۆرە گوتارێکە؟
- شێوەی بڵاوکردنەوەی گوتارەکانیان بە چ شێوەیەکی هونەری بو، چ ژانرێکی لە خۆ گرتووە؟ئایا بەرنامەی تایبەتمەندیان هەبو لە سەر هێرش و پەلامارەکانی سەر ڕۆژاڤا؟
- شێوازی گوتارەکان بە شێوەی هەڵمەتی ڕاگەیاندن و هاندانی لایەنێکی تیا بە دیدەکرا یان دژ بو؟
- ڕوماڵکردنی هەواڵ و ڕوداوەکانی سەر ڕۆژاڤا لە کەناڵی ڕوداو بابەتی و پیشەیی بون؟

### ٣.٢ گرنگی توێژینەوە:

بایەخ و گرنگی هەر توێژینەوەیەك لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئاخۆ ئەو باس و بابەتە چەند سودی بۆ کۆمەڵگە بە گشتی و تاك بە تایبەتی هەیە، هەڵبژاردنی خودی بابەتەکە خۆی لە خۆیدا گرنگە (ابراهیم، ١٩٩٣، ٣). چونکە (گوتاری نەتەوەیی) یاخود یەکگوتاری و یەك هەڵوێستی لە ڕاگەیاندنەکاندا بە گشتی و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەتایبەتی بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان گرنگییەکی زۆری هەیە، پیادەکردن یەکگوتاری و ناساندنی ئاڕاستەکانی سەبارەت بە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بە یەکێك لە لەمپەر و گرفتی هەرە سەرەکی بۆ گەلی کورد دادەنرێت، دەبێتە هۆی ئەوەی پارت و لایەنە حزبی و حکومیەکان ڕۆڵی ڕاستەقینەکەی خۆیان وەك پێویست نەبینن. باکگراوەندی پرۆژەی ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمای ئاڕاستەکانی گوتاری ڕۆژنامەوانی دادەمەزرێت، کە لە ڕێگەیەوە چوارچێوەکردنی بنەماکانی سیاسەتی ڕۆژنامەوانی بۆ پەیامە ئاڕاستەکراوەکان لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دەخاتەڕو بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی بە شێوە سیاسی و ئابوری و پەیوەندییەکان بەگشتی. هەروەها هەڵسەنگاندنی پراکتیزە پیشەییەکان و شرۆڤەکردنیان و شیکردنەوەیان لە نێو ئامرازەکانی ڕۆژنامەوانیدا، بەپێی پێوەرەکانی ئاماری چەندی و چۆنیەتی، لەلایەکی دیکەوە ئاڕاستەکردنی ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکەی لەوەدا دەردەکەوێت دەستنیشانکردنی خاڵی ئەرێنی و نەرێنی گوتاری ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستاندا و تا چەند بەشێوەیەکی پیشەییانە لە ئەنجامدانی سەرکەوتو بووە، کە بۆ یەکەم جارە لەسەر بابەتێکی وا بە زمانی کوردی توێژینەوە ئەنجام دەدرێت. هەروەها سودی توێژینەوەکە بۆ ڕاگەیاندنی کوردی لەوەدا دەردەکەوێت تا چەند گوتاری ڕۆژنامەوانی ڕۆڵی لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان و یەکریزی نیشتمانی بینیوە، چونکە وەك ئاشکرایە ئێستا بابەتی ڕۆژنامەوانی پانتاییەکی زۆر فراوانیان لە جیهانی میدیادا گرتۆتەوە و کاریگەرییان لەسەر خەڵك و ناوچەکە بەگشتی هەیە، هەروەها ئەو پەیامانەی کەوا لەلایەن ئەم دەزگایانە ئاڕاستەی خەڵکی دەکرێت تا چەند پابەند بووە بە بنەماکانی و یاسا و ڕێساکانی پیشەی ڕاگەیاندن و تا چ ئاستێك لەنێو پەیامەکانی بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی پەیڕەویکردووە. تا چەند هاوکار بووە لە ئاراستەکردنی پەیامێکی ڕاست و دروستی (سیاسی) بۆ جەماوەر و گۆڕینی تێگەیشتنەکان کە لە بەرژەوەندی کۆمەڵگای کوردیدا بشکێتەوە.

خاڵێکی تری گرنگییەکانی ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بە ڕۆڵ و ئامانجی ڕاستەقینەی پارت و ڕێکخراوە حیزبی و سیاسیەکان کە وەکو پێویست ڕۆڵی خۆیان نەگێڕاوە لە یەکگوتاری و یەك هەڵوێستیدا، بەمەبەستی لەبیرنەکردنی ئامانجە ڕاستەقینەکەی خۆیان گرنگییەکی تری ئەم توێژینەوەیە بۆ سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەخاتەڕو، چونکە هەر کەناڵ و دەزگایەکی ڕۆژنامەوانی لایەنێکی سیاسی لە پشتەوەیە، بەڵام دەکرێت لە پرسە نەتەوەییەکاندا هاوهەڵویست و یەك ستراتیژ و یەك سیاسەت بن. بۆیە توێژەر بە پێویستی زانی ئەم توێژینەوەیە لەسەر ناوەڕۆکی گوتاری ڕۆژنامەوانی ئەنجام بدات بەتایبەتی لە دەزگای ڕوداو و لەسەر خاڵە لاوازەکانی بوەستێت و شیکردنەوە لە ڕەوشی ئێستای ڕۆژنامەوانی کوردیدا بکات.

### ٤.٢ ئامانجی توێژینەوە:

لە هەوڵداین بۆ هێنانەدی چەند ئامانجێك وەك:

- ڕونکردنەوەی واقعی گوتاری سیاسی هەفتەنامەی ڕوداو لە مەڕ پرسە نەتەوەییەکاندا.
- هۆکاری نەبونی یەکگوتاری نیشتمانی ڕۆژنامەوانی لە سەر پرسە نیشتمانییەکان.
- شیکردنەوەی ناوەڕۆکی گوتاری ڕۆژنامەوانی دژ بە یەکەکان لەبارەی پرسە نەتەوەییەکاندا لە هەفتەنامەی ڕوداودا، هۆکاری ئەو ئاڕاستە و شێوازە جیاوازانە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و داتا لەبارەی هەمان پرسەوە.
- دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ لێکنزیکبونەوەی ڕاوبۆچونی ڕاگەیاندنە کوردییەکان لەبارەی پرسە نەتەوەییەکاندا تا ڕادەی دروستبونی یەك گوتاری میدیایی لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا.

**٥.٢ کۆمەڵگای توێژینەوە:** کۆمەڵگای دیاریکراو بۆ توێژینەوە بریتیە لە ڕوداوەکانی هێرشکردنە سەر هێزی سوریای دیموکرات لە ناوچەکانی سەر سنوری نێوان ڕۆژاڤا و تورکیا لە هەواڵەکانی هەفتەنامەی ڕوداو سەبارەت بە شەڕ و پەلامارەکان بۆ سەر شارە سنوریەکانی ئەو دەڤەرە (سەری کانێ و گرێ سپی) بۆ داگیرکردنی لەلایەن سوپای تورکیا لە ڕێککەوتی (٢٠١٩/١٠/١) تا (٢٠١٩/١١/١).

**٦.٢ سامپڵی توێژینەوە:** سامپڵی توێژینەوە بریتییە لە ڕوداوەکانی شەڕی نێوان هێزی سوریای دیموکرات و سوپای تورکیا لە شارە سنوریەکانی (سەری کانێ و

گرێ سپی) بە قۆلایی ٣٢کم لە ڕێککەوتی (٢٠١٩/١٠/١) تا (٢٠١٩/١١/١) لە هەفتەنامەی ڕوداو.

**٧.٢ جۆر و ڕێبازی توێژینەوە:** توێژینەوەیەکی شیکاریی ڕەخنەییە بۆ ناوەڕۆکی گوتاری ڕاگەیاندن لە بارەی پرسە نەتەوەییەکانی کورد کە چەندین بوار لەخۆدەگرێت وەك لایەنگری و بێلایەنی و بابەتیبون لە گوتارەکەدا ئاشکرا دەکات.

**٨.٢ کەرەستەی توێژینەوە:** گرنگترین ئەو کەرەستانەی لەم توێژینەوەیە بەکارهێنراون:

١. فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك (شیکردنەوەی گوتار).

٢. تێبینی کەسی توێژەر بۆ هەندێك بابەت.

**٩.٢ ئاستەنگەکانی توێژینەوە:** ئاستەنگە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەویە بریتییە لە

١. کەمی سەرچاوەی پێویست بە زمانی کوردی.

٢. نەبونی هەمەهانگی وەك پێویست لەلایەن دەزگای ڕوداو بۆ زیاتر دەستکەوتنی زانیاری و بەکارهێنانی لەم توێژینەوەیەدا.

**١٠.٢ سنوری توێژینەوە:** سنوری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

**١. بابەت:** سنوری بابەتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیارکردنی ئاراستەکانی گوتاری ڕۆژنامەوانی لە هەواڵەکانی هەفتەنامەی ڕوداو تایبەت بە ڕوداوەکانی ڕۆژئاڤا و ڕۆڵی سەبارەت بە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە پرسە نیشتمانییەکان.

**٢. کات:** سنوری کات لەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەواڵە بڵاوکراوەکانی تایبەت بە ڕوداوەکانی ڕۆژئاڤا لە ڕێککەوتی (٢٠١٩/١٠/١) تا (٢٠١٩/١١/١) لە هەفتەنامەی ڕوداو.

**٣. شوێن:** سنوری شوێن لەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی گوتارە لە هەواڵەکانی تایبەت بەشەڕی نێوان هێزی دیموکراتی سوریا و سوپای تورکیا لەسەر شارە سنوریەکانی دەڤەری ڕۆژئاڤا (سەری کانێ و گرێ سپی) لە ڕێککەوتی (٢٠١٩/١٠/١) تا (٢٠١٩/١١/١) لە هەفتەنامەی ڕوداو.

## ٣. چەمك و پێناسەی گوتاری ڕۆژنامەوانی و گوتاری نەتەوەیی

### ١.٣ چەمك و پێناسەی گوتاری ڕۆژنامەوانی:

چەمك و پێناسی گوتاری ڕۆژنامەوانی: یەکێك لە هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی کە لە دەوری بیرۆکەیەك یان بابەتێك دەسوڕێتەوە و لە بارەیەوە دەدوێت، یاخود گوزارشت لە بۆچونی دەکات بە ئامانجی ڕازیکردنی خوێنەر یان بینەر و بیسەر بە بیرۆکەو بابەتێکی دیاریکراو. خستنەڕوی پەیام و بابەت و مانا وێنەی ناوەڕۆکی ژیانی ڕۆژانەیە کە بە شێوەیەکی تایبەت و سەرنجڕاکێش پێشکەشی جەماوەر دەکرێت، چ بە شێوازی نوسراو یان بینراو یا بیستراو یان وێنە لە ڕێگەی کەناڵە جیاواز و جۆراو جۆرەکانی گەیاندنەوە (شومان، ٢٠٠٧، ٢٠-٢٧).

گوتار زاراوەیەکی نوێ نییە، لە کۆنەوە لە هەر سەردەمێکدا بە جۆر و شێوازی جیا جیا بونی هەبووە. زاراوەی گوتار لە زمانی عەرەبی (خطاب) و هەروەها لە ئینگلیزی (Discours)ی پێدەڵێن. پەیدابونی زاراوەی گوتار دوای بڵاوبونەوەی کتێبی (محاضرات فی لسانیات العامة) لە لایەن (فردیناند دی سوسیر) کە باسی بنەما بنەڕەتیەکانی گوتاری کردووە لە کۆی گشتی زاراوە و ئەو چەمکانەی لە کۆنەوە بۆ ناساندنی گوتار بەکارهاتون. چەمکی گوتار لە چەندین شوێندا پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە بە هۆی جیاوازی جۆرەکانی و جیاوازی لە شێوازی بەکار هێنانی، (هاریس) توێژەری ئەمریکی دەڵێت "کۆمەڵێك یاسا و دەستوری زمانەوانیە پێکدێت لە وشە و ڕستە و دەستەواژەی بە دوای یەکدا هاتو بۆ دروستکردن و گەیاندنی پەیامێك لە ڕێگەی زمانەوە". هەروەها (جیرار جینیت) لە پێناسەیەکیدا بۆ گوتار دەڵێت" گوتار بە مانای گێڕانەوەی دەقێك دێت لە شێوەی حکایەت و چیرۆك کە دەکرێ شیکردنەوە بۆ ناوەڕۆك و پێکهاتەکەی بکەین. لەو پێناسانەی سەرەوە دەکرێت پێناسەیەکی گشتگیر بۆ گوتار بکەین" گوتار پەیامێکە لە نێرەرەوە ئاراستەی وەرگر دەکرێت لە بارەی بابەتێکی دیاریکراو، دەکرێت لە شێوەی زارەکی لە ڕێگەی قسە و دەستەواژە و گوفتارە زمانەوانیەکانەوە ئاراستەی وەرگر بکرێت، هەندێک جار شێوەی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ وەردەگرێت و ڕاوبۆچون ئاڵوگۆڕ دەکرێت، یان لە شێوەی دەقی نوسراو ئاراستە دەکرێت کە لەم بارەدا کاردانەوەی ڕاستەوخۆ نییە لە نێوان نێرەر و وەرگردا (شومان، ٢٠٠٤، ١٥-٢٢).

واتە گوتاری ڕۆژنامەوانی کۆمەڵێك ناساندنی جیاوازی بۆ کراوە، بە هۆی جیاوازی بیروڕای توێژەر و نوسەرەکان لەو بارەیەوە، وەك لە پێناسەیەکدا دەڵێت:

**"گوتار لە هەر کۆمەڵێك مارەسەیەکی کۆمەڵایەتییە لە کۆی قسە و کردارەوە گوتاری ڕۆژنامەوانی هەڵدەستێ بە گواستنەوەی ئەو پراکتیزەیە بۆ جەماوەر لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕۆژنامەوانی، گومان لەوەدا نییە کە گوتاری ڕۆژنامەوانی پشت دەبەستێت بە شێوازی کارکردن و سروشتی جەماوەر و جۆری سیستەمی سیاسی و هەروەها شیکردنەوەی ئەو دەزگا ڕاگەیاندنەی کە لە ڕێگەیەوە گوتار دەگوازرێتەوە بۆ جەماوەر بۆ ئەوەی بزانرێت لە ئەنجامدا توانا و وردبینی ئەو گوتارە چەندە لە گواستنەوەی واقع و ئەو شتانەی کە بڵاودەکرێنەوە یان دەشاردرێنەوە، لە پێناو بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی دامەزراوە میدیاییەکە چین."** لە پێناسەیەکی تردا بۆ گوتاری ڕۆژنامەوانی بریتیە لە "**جۆرێکە لە جۆرەکانی کە گرنگیەکەی لە چەندێتی گرنگی ئەو هەواڵ و ڕوداوانە وەردەگرێت، کە بڵاویان دەکاتەوە، ئەمە جگە لە شێواز و جۆری دەزگاکەش کاری لێدەکات**". جگە لەوانەشە دەتوانین گوتاری ڕۆژنامەوانی بە جۆرێکی تر پێناسە بکەین کە "**گوتاری ڕۆژنامەوانی شێوازێکی باوەڕپێهێنانی وەرگرە بە گفتوگۆ بە شێوەیەکی سەرەکی، کە پەیامێك ئاراستەی وەرگر دەکرێت لە پێناو هەندێ ئامانجی دیاریکراو لە ڕێگەی هۆکارە جیاوازەکانی ڕۆژنامەوانی، کە گرنگی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵێك یان وتارێك یان هەر ژانرێکی تری ڕۆژنامەوانی دەدات، کە تێگەیشتنی لە لایەن وەرگر ئاسان بێت**".

هەندێ جار گوتارەکە بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە پێی بارودۆخەکە بڵاودەکرێتەوە. سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە، نوسەرە ڕۆژئاواییەکان بە شێوەیەکی کورت و پوخت پێناسەی گوتاری ڕۆژنامەوانی دەکەن بەوەی "**گفتوگۆیەکە بە شێوەیەکی نوسراو ئاراستەی وەرگر دەکرێت، جا ئەو وەرگرە خوێنەر یان بینەر یان بیسەر بێت**". (یونس، ٢٠١٢، ٥-٧).

### ٢.٣ جۆرەکانی گوتاری ڕۆژنامەوانی:

گوتاری ڕۆژنامەوانی چەندین جۆری جیاوازی لەخۆگرتووە هەریەکەیان بە گوێرەی ئەو بابەت و پەیام و ناوەڕۆکەی ئاراستە دەکرێت و ناودەنرێت و جیادەکرێتەوە، بە هۆی جیاوازی چینەکانی جەماوەر، جۆری ئەو گوتارەش دەگۆڕێت، کە ئاراستەی دەکرێت بۆیە چەند جۆرێکی جیاواز لە گوتار هەن لە گرینگترین جۆرەکانی گوتاریش ئەوانەن (شومان،٢٠١٧، AM٢٩:٠٥ ):

#### ١.٢.٣ گوتاری ئاینی:

ئەو گوتارەیە کە لایەن خواوە دابەزیوەو نێردراوە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی کە بە گەورەترین و گرنگترین گوتار ئەژمار دەکرێت. یەکێکە لە کۆنترین و گرنگترین جۆرەکانی گوتار کە لەلایەن خوای گەورە ئاراستەی مرۆڤایەتی کراوە، بەوە

جیادەکرێتەوە شێوازێکی تایبەت لە ڕەوانبێژی وشە و دەستەواژەی کورتی تێدا بەکارهاتووە زۆرێك لە یاسا وئەحکامی دینی و جێبەجێکاری دەگرێتەوە، گوتارێکی جێگیرە وەرگێڕانی بۆ ناکرێ بۆ زمانە جیاجیاکان بەڵام ڕاڤەی جۆراوجۆری بۆ کراوە.

**٢.٢.٣ گوتاری گەیاندن یان نێردراو:**

مەبەست لە ناردنی بیرۆکە و پەیامێکە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر یان بۆ چین و توێژێکی دیاریکراو لە خەڵك و کۆمەڵگا کە چەندین جۆر لەخۆدەگرێت لەوانە: گوتاری سیاسی، گوتاری ئابوری، گوتاری کۆمەڵایەتی، گوتاری هۆشیاری، گوتاری ڕاگەیاندن، گوتاری فەرمی هەروەها گوتاری پەروەردەیی (عبدالمقصود،٢٠١٧، ٥٣).

**٣.٢.٣ گوتاری بڵاوکراوە (الاشهاری):**

جۆرێکە لە جۆرەکانی گوتار لە بوارە جیاجیاکان بەکار دێت بۆ کاریگەری دانان لە سەر تاکەکان و وەرگر لە ڕێگەی ناردنی بابەتێکی دیاریکراو بە هۆی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، کە زمانێکی سەرنجڕاکێش و کاریگەر بەکاردێت بۆ زیاتر ڕازیکردنی جەماوەر،ئەمجۆرە گوتارە زیاتر دەزگا و کۆمپانیاکان بۆ برەودان بە کاڵا یاخود بیرۆکە و ڕەفتارەکانیان بەکاری دەهێنن. ئەمجۆرە لە ڕێگەی بەکارهێنانی دیزاین و دەنگ و ڕەنگی جۆراوجۆر هەوڵدەدەن زیاتر کاریگەری لەسەر جەماوەری بەکاربەر دروست بکەن.

**٤.٢.٣ گوتاری داهێنەرانە:**

ئەمجۆرە گوتارە لە شەش ڕەگەز کە سەرجەم کارە زمانەوانییەکان لە خۆ دەگرێت کە زمان پێی هەڵدەستێت، لەگرنگترینیان وەزیفەی ئەدەبییە.

**٥.٢.٣ گوتاری هۆنراوەیی (الشعری):**

گوتارێکە لە سەر بنەمای هونەری و ئەدەبی پێکهاتووە بە بەکارهێنانی زمانێکی پاراو کە مەبەستی گەیاندنی پەیام و ڕاوبۆچونی شاعیرە بۆ جەماوەرەکەی. (عبدالمظفر، ٢٠٠٩، ٢٠). ئەم جۆرەی گوتار زیاتر گوتارە ئەدەبیەکان دەگرێتەوە، کە یاسایەکی ڕێزمانی نوسراویان هەیە وپەیڕەوی دەکەن، جۆرێك لە وشە و دەستەواژەی سەرنجڕاکێش بەکاردێنن وەرگر چێژیان لێوەردەگرێت، لەگەڵ ئەوەش شاعیر یاخود ئەدیب ئامانجێکی دیاریکراوی لە نوسینی هەر هونراوە یان دەقێکی ئەدەبی هەیە.

**٦.٢.٣ گوتاری سیاسی:**

ئەم گوتارە زۆرتر لەلایەن سیاسیەکانەوە ئاراستە دەکرێت، لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەستەواژە و زمانێکی کاریگەر و زۆرتر بەکارهێنانی بەڵگەو ڕاستیەکان بۆ مەرامێکی تایبەت و کاریگەری خستنە سەر جەماوەری بە ئامانج گیراو، هەروەها ڕەوانبێژی ڕۆڵێکی گرینگی هەیە، بۆ ئەوەی زیاتر کار لە هەست و سۆزی جەماوەر بکات.

**٧.٢.٣ گوتاری پیاهەڵدان:**

ئەم جۆرە گوتارانە زیاتر کۆمپانیاو دامەزراوە بازرگانیەکان بە کاریدەهێنن بە مەبەستی پیاهەڵدان و بڵاوکردنەوە و ناساندنی کارو بەرهەمەکانیان، دروستکردنی کاریگەریی لەسەر بەکاربەر و ڕاکێشانیان بۆ ساغکردنەوەی بەرهەم و ناساندنی پرۆژەکانیان و بەدەستهێنانی قازانج.

**٨.٢.٣ گوتاری نەفعی:**

ئەم جۆرە گوتارانە لە شێوەی نامەدایە هەڵگری دەربڕینێکی سادە و ڕون و ئاشکرایە بڵاوکردنەوەی بە شێوەی ڕاستەوخۆیەو پابەند نییە بە بنەما و یاسای گوتارەوە، بەڵکو لە شێوەی وشەدایە بە هەڕەمەکی دەردەبردرێت و دەوترێت بە گوێرەی شێوازی دەربڕینی کەسی نێرەر. جۆرێکە لە جۆرەکانی گوتار کە شێوەی پەیامێکی ڕاستەوخۆ بێ ڕەچاوکردنی هیچ یاساو دەستورێك، بە شێوەیەك نێرەر بێ هیچ ماندو بونێك پەیامەکە سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو دەگەیەنێت.

**٩.٢.٣ گوتاری ڕۆژنامەوانی:**

گوتاری ڕۆژنامەوانی جۆرێکە لە جۆرەکانی گوتار کە گرینگیەکەی لە چەندێتی گرنگی ئەو هەواڵ و ڕوداوانە وەردەگرێت، کە بڵاویان دەکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی شێواز و جۆری ئامرازەکەش کاری لێدەکات. واتە ئەم گوتارە هەواڵ و بابەتە جیاجیاکان دەگوازێتەوە بۆ جەماوەری وەرگر لە سەرچاوەیەکی ڕاست و باوەرپێکراوەوە.

## ٣.٣ تایبەتمەندییەکانی گوتاری ڕۆژنامەوانی:

گوتاری ڕۆژنامەوانی چەند تایبەتمەندییەکی تێدایە لە جۆرەکانی تری گوتار جیایە:

١. گوتارێکە هەوڵدەدات سەرنج ڕاکێش بێت و بچێتە دڵی وەرگر.

٢. ڕەچاوی ئەخلاقی پیشەیی دەکات، پێویستە لە سەر ڕاگەیاندنکار ڕەچاوی وردی ئەمانەت و بەرپرسیارەتی بکات لە گواستنەوەی پەیام.

٣. پشت دەبەستێت بە چوارچێوەی تایبەت لە گواستنەوەی پەیام کە خۆی دەبینێتەوە لە ناونیشان و جۆری ژانری بەکارهاتو لە کاتی بڵاوکردنەوەی پەیام.

٤. ڕونی و ئاشکرایی، گوتاری ڕاگەیاندن بە زمانێکی ئاشکرا و ئاسان و دەستەواژە و ڕستەکانی ئاسان بێت بۆ وەرگر، بە جۆرێك وەرگر بتوانێت تەرکیز لە سەر فکرە و ڕاستیەکان بکات.

٥. زیندویەتی، بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی سەرنج ڕاکێش و جوان کە سەرنجی وەرگر رابکێشێت.

٦. جۆراوجۆر، واتە وشەو دەستەواژەکانی جۆراوجۆر بێت و گۆڕانکاریان بەسەردا بێت کە فکرەی نوێ و زانیاری نوێی تێدابێت.

٧. کورتی و پوختی، واتە پەیام کورت و بەمانابێت و وەرگرتنی لە لایەن وەرگر ئاسان بێت و پەیامی ڕاگەیاندن لە درێژ دادڕی دور بکەوێتەوە.

٨. هەر گوتارێك هەڵگری پەیامێکی تایبەت و دیاریکراوە وا بەستەیە بە کاتێکی دیاریکراوەوە، بەشێوەیەکی شیکاری لێکدانەوەی بابەتەکە دەکات.

٩. لەڕوی قەبارەوە گوتار نابێ درێژ و چڕ بێت، بەڵکو دەبێ سنوردار بێت تا توانای وەرگرتن لای وەرگر کەم نەبێتەوە.

١٠. هەوڵدان بۆ قەناعەت پێهێنانی وەرگر لە ڕێگەی خستنەڕوی بەڵگە و زانیاری و ڕاستیەکان.

١١. بەکارهێنانی زمانێکی سادە و دور لە وشەی کورتکراوە، بەڵکو دەبێت لە ناوەڕۆکدا پوخت و سەرنجڕاکێش بێت. (عبدالمقصود،٢٠١٧، ٨٩).

## ٤.٣ ڕەگەز و شێوازی گوتاری ڕۆژنامەوانی:

ڕەگەزەکانی گوتار، لە گرنگترین ڕەگەزە سەرەکیەکانی ئەوانەی خوارەوەن (یونس،٢٠١٢، ٧-٨):

**١. گرنگی:** باسکردنی ئەو بابەت و ڕوداوانەی کە بە لای جەماوەر گرنگن و لە ئاست ئارەزو و پێداویستیەکانیان بێت و داواکاریەکانیان جێبەجێ بکات.

**٢. زانیاری نوێ:** زۆر گرنگە پەیام زانیاری نوێی تێدا بێت، خەڵك چاوەڕێ دەکات یاخود زانیارییە نوێیەکان ڕاست بکاتەوە.

**٣. بابەتەکە گەرم و سەرنجڕاکێش بێت:** پێویستە گوتاری ڕاگەیاندن سەرنجراکێش و بابەتەکە گەرم و گوڕ بێت.

**٤. باسکردنی ئەو بابەتانەی کە پێویستیان بە شرۆڤە هەیە:** زۆرێك لە بابەت و ڕوداوەکان جا سیاسی بن یان کۆمەڵایەتی یان هەر بوارێکی تر بێت، پێویستیان بە شرۆڤە و شیکردنەوە هەیە.

**٥. پلان بۆ دارێژراو:** کەسەکە هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی گوتار بە شێوەیەکی نوسراو و پلان بۆ دانراو کە هەمو بنەماو بابەتی پەیوەندیدار بە بابەتەکەی تێدایە و بە باشترین شێوە پێشکەش بکرێت.

**٦. بێ پلان:** شێوازی بەکارنەهێنانی دەقێکی نوسراو بە شێوەیەکی تەواو، تەنها بیرۆکە و بابەتەکە لە چەند خاڵ و دەستەواژە ئامادەدەکرێت کە باسەکەی هەڵدەگرێت.

**٧. ڕاستەوخۆ:** واتە ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە، بە بێ پشتبەستن بە هیچ دەق و بیرۆکەیەکی پێشوەخت.

## ٥.٣ ئامانج و وئەرکەکانی گوتاری ڕۆژنامەوانی:

١. پێشکەشکردنی پەیام و ناوەڕۆکی بابەتێکە کە گرنگ و پێویستە لای جەماوەر، لە دەوری ئەو لایەنانە بسوڕێتەوە کە باس لە بابەتێک بکات کە پێویستی جەماوەرە وەلامدانەوەی داواکارییەکانیان بێت لە نزیکەوە.

٢. پێدان و زیادکردنی زانیاری دروست لە بارەی ڕوداوە هەنوکەییەکانەوە وە ڕاستکردنەوەی زانیارییە هەڵە و کۆنەکان بە خستنە ڕوی بەڵگەی دروست و داتاو زانیاری نوێ بۆیان.(شرفە، ٢٠١٧، ٥٥).

٣. وەزیفەی گوتاری ڕاگەیاندن ئەوەیە کە باس لە پرسە گەرماو گەرمەکانی ڕۆژ بکات بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و ڕاشکاوانە کە شوێنی قبوڵ بێ لای جەماوەر، ڕونکردنەوەی ئەو بابەتانەی لای جەماوەر ناڕونە و گرنگە بەلایانەوە بۆیان ئاشکرا بێت.

٤. کارێکی تری گرنگی گوتار ڕونکردنەوە ولێکدانەوەی پرسە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕوداو و قەیرانە لەناکاوەکانە بە شێوەیەکی ڕون و ئاشکرا، چونکە هەر یەك لەم بوارانە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی هەر تاکێکی کۆمەڵگەوە هەیە، کە گرنگە بە لایانەوە زانیارییان لە بارەوە هەبێت، بۆیە دەبێت بە شێوازێک ئاڕاستەیان بکرێت کە بتوانێت کاریگەرییان لەسەر دروست بکات و تا ببێتە هۆی تێگەیشتنی زیاتر و دروستبونی بیروڕای نوێ لەبارەیانەوە. (مصلوح، ١٩٨٤، ٢١-٤٥).

## ٦.٣ پێکهاتەکانی گوتاری ڕۆژنامەوانی:

### ١.٦.٣ کارایی:

مەبەست لێی ئەو بکەری گوتارەیە، کە هەڵگری تایبەتمەندی و کاری دیاری کراوە بەڵام بە شێوەیەکی فەڕمی بەرهەمهێنەری گوتار نییە، بەڵکو ئەو هەڵدەستێ بە دوبارە بەرهەمهێنانی گوتارەکە لە ژێر چەندین شێواز و جۆری دیاریکراو، کە بە پڕۆسەیەکی فراوان دادەنرێت تیایدا گوتاری سیاسی فەڕمی ئەنجامی دەدات دوبارە هەمو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا دادەڕێژنەوە. ئەو کۆمەڵانەی کە پراکتیزەی کارێکی ناوازە دەکەن ئەرکەکانیان بریتیە لە :

١. بەرهەمهێنان و داڕشتنەوەی گوتارەکان بەرەو چون بۆ گوتاری ڕاگەیاندن.

٢. ئاگاداربون لەوەی کە گوتارەکان دابەش نەبن و تەنها لە ژێر ڕۆشنایی ڕێزمانی ورد دا بن.

٣. دەبێ گوتارەکان بەبێ خاوەندارێتی دەسەڵات نەبێ و ڕایەکان دەوری ڕۆڵی ئەنجامدەریان هەبێت (دور فعال) بەرهەمهێنەری گوتارەکە ئەگەر کەسێک بێت یاخود کۆمەڵە کەسانێ بن ئەوا دەبێت نوێنەرایەتی پرەنسیپی گوتاریی بکەن.

ڕۆڵی (کارا-فاعل) ئەنجام دەر و پڕۆسەی دوبارە بەرهەم هێنانەوەی گوتارەکە لە ڕاگەیاندن دیار دەکات، هەروەها ڕۆڵی سەرەکی ئەوەی کە وەک بەرهەمهێنەری گوتارەکە و تانە دان لە گوتارەکە و دوبارە بەرهەمهێنانەوەی، کەسی ئەنجام دەری گوتارەکە ئەگەر کەسێک بن یان چەند کەسێک دەبێت جێی پەنجەی خۆیان جێ بهێڵن بە هەمو پێکهاتە جیاوازەکانەوە.

### ٢.٦.٣ پانتایی-سپەیس:

مەبەست لێی ئەو بۆشاییە بچوکەیە کە بوار دەڕەخسێنێت بۆ گەیاندنی ڕاستەوخۆ (امكانيات التواصل المباشر) و درکپێکردنی پێکهاتەکانی گوتارەکە ئەمەش لە ڕێگەی یەکەکان و یارمەتی دانیان بۆ گۆڕانکارییە دیارکراوەکانی پیشەیی (التحولات المهنيه) کە ئەمانیش کاردەکەن بۆ گۆڕینی سیمای سیاسی و بەرهەم هێنانی پەیوەندییەکی باش.

### ٣.٦.٣ پەیوەستبونی بەکات (مەودایی):

مەبەست لێی پلەبەندییە لەبیناکردنی کاتە ماددەییەکانی میدیایی بۆ دانانی پلانێکی داهاتوی لۆژیکی بۆ بیرۆکەیەکی دیارکراو لە ڕێگەی یاریکردن بە هەندێک ڕەگەز لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆی. لێرەدا دەبینین کە گوتار بە پێی ئەو پێکهاتەی کە هەیەتی دەبێتە هۆی دروستکردنی ڕای گشتی دیاریکراو و یان هەڵسەنگاندنی بارودۆخێکی دیاریکراو، کە ڕەنگە ڕو بدات و کاریگەریش جێبهێڵێت. بەڵام لە چۆنیەتی دانانی پلانێکی میدیایی بۆ بەرهەم هێنانی بەرهەمێکی گوتاری سیاسی دەبینین کە ئەرکی پلانی میدیایی دەردەکەوێت لە ڕێگەی گەیاندنی داهاتوی گوتارەکە وەک لە گوتارە (بەدواداچون)یەکان بە دوای دا دەچێت تا ئەو شوێنەی ڕادەوەستێت، ئەمەش لە ڕێگای هەمو ئەو پاڵنەرانەی کە بۆ ئامانجی پلان دانان دانراون بۆ گەیاندن بە ئەنجامێک. ئەم پلەبەندیە لە ڕێگەی گونجاندن لە نێوان یەکەکانی مەودای کاتی گوتارەکە دەکرێت بەو شێوەیەی کە مەوداکە لە ناو خۆیدا یەکگرتوو بێت لەگەڵ گوتارەکانی تری میدیایی.

## ٧.٣ چەمك و پێناسەی گوتاری نەتەوەیی

١. چەمك و پێناسی گوتاری نەتەوەیی: نەتەوە پێکهاتەیەکی زمانەوانییە کە بریتیە لە دەقێکی نوسراو یاخود زارەکی، کە بارگاوی کرابێت بە هزر و بیر و مانا و دەلالەتی نەتەوەیی، گوتاریشی ئەوەی شوناسی پێ دەبەخشێت کە بە قەڵەم و بیروبۆچونی کەسانێکی ئەو نەتەوەیەوە نوسرابێت. (سجادی، ١٩٦٦، ٤٨)

٢. پێناسەی گوتاری نەتەوەیی یەکگرتو: گوتارێکی یەك ئاڕاستەی حکومەت و پارت و ئەو گروپ و لایەنانەن لە چوارچێوەی هەر وڵات و هەرێم و نەتەوەیەکدان، لەبەرامبەر پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکاندا هاوڕا و بۆچون و یەك ئاڕاستە بن لەبەرگری کردن لە نەتەوە و نیشتمان لە بەرامبەر هەر دەستوەردان و پەلامارو هێرشێکی دەرەکی کە ئاسایشی نەتەوەییان بخاتە مەترسیەوە. (جابری، ١٩٨٥، ١٣).

٣. ناساندنی ئەو سنورەی نێوان (سەری کانێ و گرێ سپی) لە ڕۆژئاوای کوردستان:

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp44-54

**أ.** هێڵی سنوری نێوان هەردو شارەکە بە ناوچەیەکی کوردیی دەناسرێت لەسەر نەخشەی کوردستانی گەورە دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای کوردستانەوە.

**ب.** هەردو شاری سەری کانێ و گرێ سپی سەر بە پارێزگای (حەسەکە - سوریا)یە کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای وڵاتی سوریا، ڕوبەری (٣.٨٤٠.٨٥)کم٢ کە دەکاتە ٨% خاکی سوریا و ژمارەی دانیشتوانی ئەو دەڤەرە دو ملیۆن کەس دەبن وەك نەتەوەی کورد، بەڵام بەهۆی تەعریبەوە ئەو ژمارەیە کەمی کردووە، ناوچەیەکی کشتوکاڵییە و بە سەرچاوەیەکی سەرەکی ئاودێری دەژمێردرێ لە ناوچەکەدا بە هۆی نزیکی لە دەریای ناوەڕاستەوە، هەروەها خاوەنی شوێنەواری مێژوویی زۆر و نزیکی ناوچە نەوتییەکان دەبێتەوە.

**ج.** لە ڕێککەوتی ٢٠١٩/١٠/١٥ سوپای تورکیا بە هاوپەیمانی هێزە تونڕەوەکانی ئۆپۆزسیۆن پەلاماری ئەو شارانەیاندا بە ناوی ئۆپراسیۆنی (کانی ئاشتی)، بە بیانوی پاراستنی سنوری وڵاتی تورکیا و ئەمن و ئاسایشی دەڤەرەکە و ڕزگارکردنی ئەو ناوچەیە و گەڕاندنەوەی ٣ ملیۆن ئاوارەی خەڵکی سوریا بۆ ئەو شوێنە لە دوای دەرکردن و لەناوبردنی هێزە کوردییەکان کە بەلای تورکیاوە ئەو هێزانە سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانن.

## ٤. لایەنی پراکیکی توێژینەوە:

### ١.٤ کورتە ناساندنی دەزگای ڕوداو:

تۆڕی میدیای ڕوداو، گرووپێکی میدیایی کوردی سەربەخۆ لە بوارەکانی میدیایی بینراو و بیسراو و خوێنراو وەك ڕۆژنامە و ڕادیۆ و کەناڵی ئاسمانی هەروەها میدیای ئەلیکترونی بابەتەکانی پەخش و بڵاودەکاتەوە. کەناڵی ئاسمانی ڕوداو بە زمانی کوردی پەخش دەکرێت، هەروەها ڕۆژنامەی سەرەکی بە ناوی هەفتەنامەی ڕوداو بە زمانی کوردییە، بەڵام سەبارەت بە میدیایی ئەلکترۆنی ئەوا بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی ئامادە و پەخش دەکات. پەخشی ڕاستەوخۆی کەناڵی ڕوداو لە ڕێککەوتی ٢٠١٤/٥/٢٩ دەستی پێکرد، کە کەناڵێکی سیاسی و هەواڵییە، مەودای کارکردنی پانتاییەکی جوگرافی فراوان لەخۆدەگرێت، لە بەرنامە سەرەکییەکانی: (هەواڵی کاتژمێر ٦:٠٠ تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران. هەواڵی کاتژمێر ٧:٠٠ تایبەت بە ڕۆژئاوا. هەواڵی کاتژمێر ٨:٠٠ هەواڵی سەرەکی و گشتگیرە. ڕوداوی ئەمڕۆ کاتژمێر ٩:٠٠. ئەمەو چەندین بەرنامەی هەفتانە و وەرزیان هەیە، کە بە پێی سیاسەتی ڕاگەیاندنی کەناڵەکە لە گۆڕانکاریدان. هەفتەنامەی ڕوداویش ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەیە بە زمانی کوردی دەردەچێت لەنێو ١٦ لاپەرە بە قەبارەی تابلۆیید بابەتی جۆراوجۆری تیادا بڵاودەکاتەوە، هەندێك لە هەواڵە سەرکییەکانی لە هەفتەنامەکەی دوبارە بڵاودەکاتەوە بە پێی گرنگی بابەتەکە.

### ٢.٤ میتۆدی شیکردنەوەی گوتار

بەپێی شیکردنەوەی گوتار پێویستە لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەیەك شیکردنەوە بۆ ناوەڕۆکی هەواڵ پەیڕەوبکرێ. کە خۆی دەبینێتەوە لە هەر یەك لە ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن بە (نێرەر-پەیام-وەرگر)،(ساندریس، ٢٠٠٢، ٨٦). لێرەدا شیکردنەوە لە ئاڕاستەکانی گوتاری ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی: (پروپاگەندەیی، ململانێیەکان، مرۆیی، ئیتیك). ئەنجام دەدەین. کەرەستەو ئامرازەکانی شیکاریش، بریتین ئامرازی شیکردنەوەی بیرۆکە. ئامرازی شیکردنەوەی هێزی کارا. ئامراز شیکردنەوەی ڕێڕەوی سەلماندن. ئامرازی شیکردنەوەی چوارچێوەی پشتبەستن.

### ١.٢.٤ شیکردنەوەی ناوەڕۆك لەڕوی چەندیەتی:

بۆئەوەی بزانین لەڕوی چەندییەتی بابەت و هەواڵە باسکراوەکانی تایبەت بە ڕۆژئاڤا چۆنە و شیکردنەوەی ڕوپێوی بۆ بکەین پێویستە بەپێی ئەو سامپڵەی لە ماوەی (١٠/١-٢٠١٩/١١/١) لە هەفتەنامەی ڕوداو وەرگیراوە بکۆڵینەوە لە چەند خشتەیەك دەستنیشان کراوە:

خشتەی ژمارە ١

دەرخەری ژانرە ڕۆژنامەوانییەکان لە سامپڵی توێژینەوەدا

| جۆری بابەت / دوبارە، ڕێژەی سەدی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەدواداچون | ٩٧ | ٧.٩٧ | پێنجەم |
| ڕێپۆرتاژ | ١٣٥ | ١١.١٠ | چوارەم |
| چاوپێکەوتن | ١٤٩ | ١٢.٢٥ | سێیەم |
| وتار | ٣٤ | ٢.٧٩ | شەشەم |
| ڕاپۆرت | ٢١٤ | ١٧.٥٩ | دووەم |
| هەواڵ | ٥٨٧ | ٤٨.٢٧ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ١٢١٦ | %١٠٠ | |

لە ٢٠١٩/١٠/١ تا ٢٠١٩/١١/١ لەم ماوەیەدا، ژانری هەواڵ زۆرترین جەختی لەسەر کراوە و گرنگی زۆری پێدراوە، زۆری لاپەرەی یەکەمی هەفتەنامەکەی گرتووە بە ڕێژەی ٤٨.٢٧% لە ڕیزبەندی یەکەم دێت. بەڵام وتار بایەخی کەمتری پێدراوە بە ڕێژەی ٢.٧٩%. لە کاتێکدا ڕاپۆرت و چاوپێکەوتن و ڕێپۆرتاژ و بەدواداچون جێگای خۆیان کردۆتەوە، لە ماوەی سامپڵی توێژینەوەکەدا

خشتەی ژمارە ٢

جۆری هەواڵەکان لە ڕوی بابەتەوە

| جۆری ڕاپۆرت / دوبارە، ڕێژەی سەدی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| هەواڵی سیاسی | ٨٤ | %٣٩.٢٥ | ڕیزبەندی یەکەم |
| هەواڵی هونەری و ئەدەبی | ١٩ | %٨.٨٧ | ڕیزبەندی پێنجەم |
| هەواڵی کۆمەڵایەتی | ٢٧ | %١٢.٦١ | ڕیزبەندی چوارەم |
| هەواڵی وەرزشی | ٣٦ | %١٦.٨٢ | ڕیزبەندی سێیەم |
| هەواڵی ئابوری | ٤٨ | %٢٢.٤٢ | ڕیزبەندی دووەم |
| کۆی گشتی | ٢١٤ | %١٠٠ | |

لە کۆی (٢١٤) هەواڵ کە هەفتەنامەی ڕوداو پێشکەشی کردووە، هەواڵی سیاسی لە ڕیزی پێشەوە دێت و گرنگی زۆر و تەرکیزی زۆری خراوەتە سەر، نزیکەی هێندەی هەواڵەکانی بابەتەکانی تری هەفتەنامەکە دەبێت بە ڕێژەی (%٣٩.٢٥) بە پلەی یەکەم دێت.

هەست بە جیاوازی و بۆچون و ئاڕاستەكانی پارت و ڕێكخراو و لایەنە سیاسیەكانی كوردستان دەكرێت، كە بە گوتەی خۆیان لە بنەڕەتدا لەپێناو پرسی نەتەوەیی نیشتمانی دروستبونە. بەهۆی ئەوەی هەفتەنامەكەی ڕوداو هەر خۆی لقێكە سەر بە دەزگای ڕوداوە بۆیە پێویستە لەو كەناڵانەی لێرەدا مەبەستمانە شیكردنەوە بۆ ناوەڕۆكی هەواڵ و بەرنامە سیاسیەكانی بكەین سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی دەزگای میدیایی ڕوداوە، كە خۆی بە كەناڵێكی سەربەخۆ پێناسەدەكات هەفتەنامەیەكی سیاسی بۆ خوێنەران بڵاودەكاتەوە.

بێگومان بە هۆی دابەشكردنی كوردستان بۆ چوار پارچە و هەر پارچەیەك كەوتۆتە ناو وڵاتێك، هەر یەك لەو وڵاتانە بارودۆخی سیاسی و سەربازی و نەتەوەیی و ئابوری و كۆمەڵایەتی، جیاوازە لەو ڕوانگەوە ئەو پارچەیەی كوردستانیش كە كەوتۆتە سنوریانەوە بێبەش نین لەو جیاوازیانە، بەڵام وەك پرسێكی نەتەوەی كورد هەركاتێ یەكێ لەو پارچانە بە هەر شێوازێ بكەوێتە بەر هێرش و پەلامار بە هۆی نەتەوەیی بونیان وەك نەتەوەی كورد، پێویستە كورد مەسەلەی پارچەبون و سنور و جیاوازی جوگرافی و سیاسەتیان لە لایەك و بە یەك ڕوانگە و یەك ڕاوبۆچون و یەكگوتاری لە بەرامبەر نەتەوەیی بونی كورد هەڵویستیان هەبێت بۆ بەرگریكردن لە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەكان. پرسی نەتەوەی كورد ڕاوبۆچونی جیاواز هەڵناگرێت، هەر پارتێك و لایەنێك بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی باس لە پرسە نەتەوەییەكاندا بكات، ڕای دژ بە یەك لە یەكگوتاریدا ئاسایشی نەتەوەیی وڵات نا پارێزێت.

هەر لەسەرەتای دروستبونی هێرش و پەلامارەكانی توركیا بۆ سەر ڕۆژئاوا كە (ناوچەیەكی كوردییە و بە ڕۆژئاوای كوردستان ناسراوە و دەكەوێتە ڕۆژهەڵاتی فورات) بە بیانوی پاراستنی سنورەكانی وڵاتی خۆی، بە یارمەتی سوپای ئازادی سوریای ئۆپۆزسیۆن لە ٢٠١٩/١/١٥ هێرشی سەربازییان دەستپێكرد بە ناوی (كانی ئاشتی) كە چەند شارێكی كوردنشین كەوتنە بەر هێرشەكانی سوپای توركیا بە مەبەستی لەناوبردنی كورد بو. واتە پرسی نەتەوەی كورد كەوتەوە بەر هێرش و پەلامار وەك چۆن لە ڕابردودا بە بەردەوامی چەندین شار و ناوچە بەر هێرشی سڕینەوەی ناسناوی كوردبون كەوتون. كەواتە هەرچەندە پێویستە لە ڕوداوێكی ئاوادا: هەرچەندە پێویستە لە ڕوداوێكی ئاوادا: (گوتاری ڕاگەیاندنەكان لە هەمبەر گوتاری نەتەوەیی یەكگرتو و یەك ئاڕاستەبن، بەڵام بەهۆی جیاوازی سیاسەت و ئایدیای ڕاگەیاندنەكان و خاوەندارێتیان لەلایەن پارت و قەوارە سیاسیەكانەوە هەروەها نەبونی میدیایەكی نیشتمانی یەكگرتووە و بە پێچەوانەوە دەبینرێ و دەبیسترێ). (سمیسم. ٢٠٠٩، ٣٤). هەروەها بەهۆی ئەوەی كەناڵی ئاسمانی ڕوداو جوگرافیای ڕوماڵ و كاركردنی فراوانە بە زۆری گرنگی بە ڕوماڵی ڕوداوەكانی ڕۆژئاوا داوە، دانیشتوانی شارەكە و سەرجەم كوردەكان چاویان لەسەر هەواڵەكانی ڕوداو بو بە مەبەستی زانینی هەواڵ و گۆڕانكاریەكانی بەرەی شەڕ. زۆری ئەم هەواڵانەش لە هەفتەنامەكەی دووبارە بڵاودەكرانەوە، بەڵام بە هۆی نەبونی یەكگوتاری نەتەوەیی لە میدیایی كوردیدا بۆتە هۆی دروستبوونی پەرش و بڵاوییەك لە گوتاری نەتەوەیی كوردیدا و بە ئاڕاستە و بۆچونی جیاواز بۆتە هۆی سەر لێشێوانی بینەران و خوێنەرانی بە ئاڕاستەی نەرێنی بڕوانە گوتاری نەتەوەیی كورد.

ئەوەی لێرەدا بۆ شیكردنەوەی گوتاری نەتەوەییە لە هەفتەنامەی ڕوداو كە سەر بە كەناڵی ئاسمانی ڕوداوە و بە كەناڵێكی نیشتیمانی و سەرتاسەری و بێلایەن وەك خۆی پێناسە دەكات، لە ڕوداوە گەرماوگەرمەكانی جیهان بە گشتی و كورد و

خشتەی ژمارە ٣

هەواڵی تایبەت بەڕوداوەكانی ڕۆژئاوا

| سەدەی ڕاپۆرتی سیاسی / دوبارە، ڕێژەی سەدی | دوبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەواڵی ڕۆژئاوا | ٦٣ | %٧٥ |
| هەواڵی هەمەجۆر | ٢١ | %٢٥ |
| كۆی گشتی | ٨٤ | %١٠٠ |

لە كۆی (٨٤) هەواڵی سیاسی دەركەوتووە كە سێبەشی هەواڵە سیاسیەكان دەربارەی بارودۆخی ڕۆژئاوا بووە ئەمەش گرنگی بابەتەكە دەگەیەنێت لە لایەن هەفتەنامەكە بۆ خوێنەرانی.

خشتەی ژمارە ٤

شێوازی نوسینی هەواڵەكان

| شێوازی نوسین / دوبارە، ڕێژەی سەدی | دوبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەرەمی ڕێك | ٣١ | %٤٩.٢٠ |
| هەرەمی هەڵگەڕاوە | ٢١ | %٣٣.٣٣ |
| هەرەمی ڕێكی پلەیی | ١١ | %١٧.٤٦ |
| هەرەمی هەڵگەڕاوەیی پلەیی | - | - |
| كۆی گشتی | ٦٣ | %١٠٠ |
| هەرەمی ڕێك | ٣١ | %٤٩.٢٠ |

هەواڵەكان تایبەت بە ڕوداوەكانی ڕۆژئاوا بە هەر سێ شێوازی هەرەمی ڕێك، هەرەمی هەڵگەڕاوە وهەرەمی ڕێكی پلەیی نوسراون. لەكۆی ئەو (٦٣) هەواڵانەی بڵابونەتەوە، دەركەوتووە كە شێوازی هونەریی نوسینی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، بە هەرەمی ڕێك بە ڕێژەی ٤٩.٢٠% و هەڵگەراوەیی بە ڕێژەی ٣٣.٣٣% و هەرەمی ڕێكی پلەیی بە ڕێژەی ١٧.٤٦ % دەركەوتون.

### ٢.٢.٤ شیكرنەوەی ناوەڕۆك لەڕوی چۆنیەتی: دەستنیشانكردنی كەرەستە و توێژی شیكاری لە هەفتەنامەی ڕوداو بو ڕوداوەكانی ڕۆژئاوا:

#### ١.٢.٢.٤ لەچوارچێوەی (باگراوەندی ئامرازی پەیوەندیكردن - سیاسەتی گشتی و دارشتنی پەیام - وەرگر):

لەبەرئەوەی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی هەر یەكە دامەزراوەی پارت و لایەنێكن، بێگومان بە پێی سیاسەتی ئەو لایەنەی كە بەڕێوەی دەبا سیاسەتی خۆی دادەڕێژێت و ئەو هەواڵ و بەرنامە و بابەتانەی لێوەی پەخش دەكرێت، بیروڕای ئەو لایەنەیە. لەگەڵ ئەوەی سەرجەم كار و چالاكییەكانی دەزگاكە لەلایەن بەڕێوەبەر و كادرە ڕاگەیاندنكارەكانیانەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام هیچ كەسێك لە چۆنیەتی بڵاوكردنەوە و داڕشتنی هەواڵ و بەرنامە و ناوەڕۆكیان سەربەخۆ نییە. بەڵكو لە سەر ئەو پڕۆگرامە كار دەكەن كە بە پێی ئەو پرەنسیپ و پەیڕەوەی بۆ دەزگاكە دانراوە (نبیل، ٢٠٠٩، ١٣-٦٧). لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت كە بۆچی هەمو كەناڵە كوردییەكان یان ڕاگەیاندنەكانی كوردی یەك گوتاری نەتەوەییان نییە، بە پێی گوتارە جیاوازەكانی لە بەرامبەر پرسی نەتەوەیی كە لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن بڵاودەبنەوە

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp44-54

کوردستان بە تایبەتی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری نوێ هەیە و خۆی بە یەکەمی بێڕکابەر وەسف دەکات، ئەو وەسفکردنە چەند لایەنەیە واتە مەبەستیان لایەنی تەکنەلۆجی و تەکنیکی و لایەنی پێشڕەوی و دەست گەیشتنیان بە ناوچە و وڵاتە جیاوازەکان، فراوانی جوگرافیای کارکردنیان و مەبەستی سەرەکیان بە ناڕاستەوخۆ پێناسەکردنی کەناڵەکە وەك دەزگایەکی میدیایی فراوان بەگشتی و دەزگایەکی میدیایی نیشتیمانی، شاردنەوەی باکگراوندی سیاسەتی کارو چالاکی و مەبەستی ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی کەناڵەکەیە. بێگومان هەر پارت و لایەنێك لە ڕێگەی هەواڵ و پەیامی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیانەوە ڕاوبۆچون و سیاسەتی حزبەکانیان بڵاودەکەنەوە، هەمو دەزگایەکی ڕاگەیاندن ئەرکی گەیاندنی ئەو سیاسەت و پەیامانەیە لە پەیڕەو و دەستوری دەزگاکەوە داندراوە و بە شێوەیەکی شاراوە و نا ئاشکرا پەیڕەوی بەرژەوەندی و سیاسەتی خۆیان دەکەن وەك لە ناوەڕۆك و پەیام و گوتاری کەناڵەکانیاندا دەردەکەویت.

### ٢.٢.٢.٤ شیکردنەوەی ئاڕاستەکانی گوتار لە ڕوی چۆنیەتی بەپێی کەرەستەکان (بیرۆکە، هێزی کارا، ڕێڕەوی سەلماندن، چوارچێوەی پشتبەستن):

لە شیکردنەوەمان بۆ ئاڕاستەکانی گوتاری هەفتەنامەی ڕوداو سەبارەت بە هێرش و پەلامارەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژاڤا لە ڕۆژئاوای کوردستان لە سامپڵی وەرگیراوی هەفتەنامەی ڕوداو لە ٢٠١٩/١٠/١٥، بە ناوی ئۆپڕاسیۆنی (کانی ئاشتی) بە فەرمانی سەرۆکی تورکیا (ڕەجەب تەیب ئەردۆگان) ئەنجامدراوە، سەرەتای ئەو هێرشە بە هەڵمەتێکی بۆمبابارانی فرۆکە و تۆپبارانکردنی ناوچە سنوریەکان و پاشان بە هێرش و پەلاماردان بۆ سەر ناوەندی شارەکانی (سەری کانێ و گرێ سپی)ی کوردنشین دەستی پێکردووە. بەمشێوەیەی خوارەوە لێی دەدوێین:

خشتەی ژمارە ٥

شیکردنەوەی گوتار لە ناوەرۆکی هەواڵەکانی سامپڵی وەرگیراوی هەفتەنامەی ڕوداو

| یەکەی شیکاری | دوبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بیرۆکە | ٢١ | %٢٥.٩٢ |
| هێزی کارا | ٣٣ | %٤٠.٧٤ |
| ڕێرەوی سەلماندن | ١٥ | %١٨.٥٢ |
| چوارچێوەی پشتبەستن | ١٢ | %١٤.٨٢ |
| کۆی گشتی | ٨١ | %١٠٠ |

#### ١. ئاڕاستەی چوارچێوەی سنوردار بە ڕەهەندی پڕوپاگەندەیی:

گوتاری ڕۆژنامەوانی هەفتەنامەی ڕوداو هەر لە سەرەتای ڕومالکردنی بۆ هەواڵ و ڕوداوەکانی هێرشبردنە سەر ڕۆژاڤا لەلایەن سوپای تورکیا بە هاوپەیمانی هێزی توندڕەوی ئۆپۆزسیۆن لە هەوڵدا بو یەکانگیر بێت لە دەلالاتی زمانەوانی و هەواڵیدا، هەروەها پەیڕەوکردنی شێوازێکی پڕوپاگەندەیی لە گوتارە ئاڕاستەکراوەکانی. پێشاندانی وێنەیەك لە ڕێگەی گوتارەکەی بۆ پرسی نەتەوەیی کێشەی سەرەکیانە و لە هەوڵی چەسپاندنی ئەو وێنەیەدا بون لە زهنی جەماوەردا، لە ڕێگەی ڕوماڵی تایبەت و بەرنامەی ڕۆژانەی تایبەت بە ڕوداوەکانی ڕۆژاڤا.

لە میانەی ڕومالکردنیان بۆ سەرجەم ڕوداو و هێرش و پەلامارەکانی ناوچە کوردییەکان وەك شەڕی داعش، شەڕی موسڵ داگیرکردنی شاری کەرکوك و داگیرکردنی شاری عەفرین مەبەستی سەرەکیان لەو کاتانەدا پڕوپاگەندەیی بو بۆ کەناڵەکەیان و بەردەوامی دان بە پێشبڕکێکردن لە بەرامبەر کەناڵە ئاسمانیەکانی تری ناو کوردستان. تا ئەو ڕادەیەی ئەو کێشمەکێشە گەیشتووەتە ڕادەی زەرەر گەیاندن بە دۆزی نەتەوەیی کورد و بە میدیای کوردی و کەناڵەکەشیان بە هۆی لادان لە هەندێ بنەماکانی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندنەوە، تەنها بە ئامانجی ئەوەی یەکەم دەزگابن لە ڕومالکردنی هەواڵ و ڕوداوە گەرماوگەرمەکاندا بێ ڕکابەری بۆ نمونە لە کاتی پەلامارەکانی گروپی تیرۆریستی داعش بۆ سەر ناوچە کوردییەکان. (قرداغی. ٢٠١٦) هەروەها بەپێی سەرچاوەی سەرەکی هەواڵەکانیان کە زۆرینەی سەرچاوەی تورکیا بو ئەمەش وای دەکرد بە شێوەیەکی نائاگایی بچێتە خانەی پروپاگەندە کردن بۆ دەسەڵاتدارانی تورکیا، پیشاندانی هێز و توانایان لە بەرامبەر شکستی لایەنێکی کوردی کە بە ڕوماڵێکی ناپیشەیی و نابابەتی لێکدەدرێتەوە دەچێتە خانەی دژ بە گوتاری نەتەوەیی و نیشتمانی. بەکارهێنانی دیالێکت و هەندێ وشەی زمانەوانی و بەستنەوەی بە هۆکارە دەرەکییەکانەوە بە مەبەستی ناردنی پەیام بە ناوی گوتاری نەتەوەیی کوردی و بەرگریکردنیان لە مافی کوردبون وەك وشەی (ناپاك - لەخشتەبردن-بەکرێگیراوی) لەلایەن وڵاتان لە بەرامبەر هێزە کوردییەکانی تری کوردستان بەکارهاتووە.

#### ٢. ئاڕاستەی چوارچێوەی ململانێیەکان (دژایەتیکردن)

لە شیکردنەوەی بنیاتی زمانەوانی بۆ گوتاری ڕۆژنامەوانی لە هەفتەنامەی ڕوداو، لە ڕومالکردنی ڕوداوەکانی ڕۆژاڤا بۆمان دەرکەوت کە دەقی هەواڵی گوتارەکانیان بە پێچەوانەی ئەو ململانێیانە بو کە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتدارانی تورکیادا هەیە. ئەمەش لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی تورکیا و سوپاکەی بە ناوهێنانیان بە بەردەوامی لە سەردێری هەواڵەکاندا گواستنەوەی ڕاستەوخۆی گوتار و کونفڕانسە ڕۆژنامەوانیەکانی سەرۆکی تورکیا لە ڕێگەی کەناڵەکەوە. لە میانی بەدواداچون و لێکۆڵینەوەی توێژەر بۆ ڕوماڵی هەواڵ و ڕوداوەکانی ڕۆژاڤا لە ٢٠١٩/١٠/١ بۆ داگیرکردنی شارەکانی ناوچەکە تا ٢٠١٩/١١/١، هەشت جار وتار و لێدوانەکانی (رەجەب تەیب ئەردۆگان) وەك مانشێتی سەرەکی هەواڵ بڵاوکرایتەوە ئەمەش بە نائاگایی بێت یان نا وا لێکدەدرێتەوە کەوا مەبەست لێی گەیاندنی پەیامێکە بۆ دەسەڵاتدارانی تورکیا کەوا لە بەرامبەر ئەوە لە ڕۆژاڤا ڕودەدات ئێمە بێلایەن و هەڵوێستمان نابێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەو پەیامە ناردراوە کەوا کێشەی ئێمە نییە.

بڵاوکردنەوەی هەواڵ و گوڕانکارییەکانی شەڕو پەلاماردانەکان لە سەرچاوە میدیاییەکانی تورکیاوە وەردەگیرا یاخود تایتڵی هەواڵەکە بە ناوی سوپای دەسەڵاتدارانی تورکیاوە بو بۆ نمونە:

هەر لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەرەوە کە ئامادەکاریی ئۆپراسیۆنی داگیرکردنی ناوچەکانی ڕۆژاڤا بە درێژایی سنوری نێوانیان و بە قوڵایی ٣٢ کم گەیشتە چڵەپۆپەی بەردەوام لێدوانی وەزیری دەرەوەی تورکیا وەك سەرچاوەی یەکەم هەواڵی ڕوداوەکانی ڕۆژاڤا بڵاودەکرانەوە. بۆ نمونە:

لە هەواڵەکانی یەکەم لاپەرە باسی سوپای تورکیا کە کۆنتڕۆڵی شارۆچکەکانی سەری کانێ و گرێی سپی کردووە، یەپەگەش ڕەتیکردەوە و. یان لە هەواڵەکانی بڵاوکرایەوە، وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند: تا کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەر ئۆپڕاسیۆنی کانی ئاشتی کۆتایی دێت. لە هەواڵەکانیش هاتووە، وتە بێژی سوپای تورکیا: لە سێ میحوەرەوە پێشڕەوی بەرەو سەنتەری شارەکانی سەر سنور دەکەین.

لە هەواڵەکانی تر هێزەکانی سوریای دیموکرات بڵاویانکردۆتەوە کە ٤ ئۆتۆمبێلی سوپای تورکیایان کردۆتە ئامانج و تێکیانشکاندووە. هەر لە سەردێری هەواڵەکە دەتوانین شیکردنەوەمان بۆ ناوەڕۆکی هەواڵەکە دەستنیشانی بکەین، کە بە ئاشکرا ئیبرازکردنی سوپای تورکیا و نەخوێندنەوەو ئاماژەنەدان بە ڕۆڵی شەڕڤانان و بچوککردنەوەیان.

گەر تێبینی بکەین لە مانشێتی هەواڵەکان دەبینین کە پیشاندانی هێز و دەسەڵاتی تورکیا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت لە بەرامبەردا پێشاندانی شکستی هێزێکی کوردی و بە گوێنەدان و حیساب بۆ نەکردنی لایەنە نەتەوەیەکە کە هێزێکی کوردی بەرگری لە شارێکی کوردی دەکا لە بەرامبەر دوژمنێکی کە خاوەن هێزێکی نا بەرامبەرە لەگەڵ کورد، هەروەها لاوازکردنی وورەی هێز و لایەنگرانی، هەروەها بڵاوبونەوەو گومان و ترس لە نێو دانیشتوانی شارە کوردییەکان بەوەی کەوا نەبونی هێزی تەواو بۆ بەرگریکردن لە شارەکە خەریکە هێزی زیاتر دێتە شارەکە. لەلایەکی دیکەدا هەواڵەکانی تایبەت بە ڕۆژئاوای کوردستان لە سەردێری هەواڵدا لە سەر زاری وەزیری دەرەوەی تورکیا بڵاودەکرایەوە. بێگومان ئەم هەواڵانە دەچێتە چوارچێوەی جەنگی دەرونی بەرامبەر بە هێزی شەرەڤانان و لایەنگران و دانیشتوانی شارەکان و ناوچەکە.

لە شیکردنەوەی هەواڵەکان دەتوانین بڵێین گوتاری ڕۆژنامەوانی ڕوداو بە ئاگایی یان بە بێئاگایی بێت بە خەڵکی ئەو ناوچانەی ڕۆژاڤا دەڵێت ئیتر تەواو هەر داگیردەکرێن و پەلاماردەدرێن وا لێکدەدرێتەوە بە ئاڕاستەی شەڕڤانان دەڵێت ئیتر تواناتان نییە و لە بەرامبەر هێزی سوپای تورکیا هێزتان هاوسەنگ نییە.

ئەمجۆرە گوتارانە وا لێکدەدرێتەوە کە شارەکانی ڕۆژاڤا کە شاری کوردین و لە پارچەیەکی ڕۆژئاوای کوردستانە، بەڵام لە شیکردنەوەی ئاڕاستەی گوتاری ڕۆژنامەوانی ڕوداودا وا نیشان دەدات، کە ئەم پارچەیە پەیوەندی بە کوردەوە نییە و لە ناوەڕۆکی هەواڵ و بابەتەکانیدا ئەم لایەنەیان فەرامۆش کردووە. لەلایەکی دیکە بچوك پێشاندانی هێز و توانای هێزە کوردییەکان و بەهەندوەرنەگرتن و باوەڕنەکردن بە سەرچاوەی هەواڵ و ڕاگەیاندراوەکان وەك سەرچاوەی هەواڵ لە ڕوداو مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێت.

**٣. ئاڕاستەی چوارچێوەی گرنگیدان بە لایەنی مرۆیی:**

ناوەڕۆکی گوتاری ڕۆژنامەوانی هەفتەنامەی ڕوداو لە میانەی ڕوماڵکردنی گۆڕانکارییە خێراکانی ناو جەرگەی شەڕ و ململانێکانی سوپای تورکیا و هاوپەیمانەکانی لە بەرامبەر شەڕەڤانان و دانیشتوانی سڤیلی ناوچەکەدا، هەڵدەستا بە بەکارهێنانی زاراوەی زمانەوانی سۆزداری و ویژدان هەژێن بەمەبەستی دەربڕینی هاوخەمی بۆ دانیشتوانە کوردەکەی ئەو شارە و ئاوارە بوونیان لە سەر زێدی خۆیان، وەبڵاوکردنەوەی وێنەی ڕۆیشتن و ئاوارەبونیان و خاپوربونی ماڵ و حاڵیان و دزینی سەروەت و سامانیان، بە مەبەستی گەیاندنی وێنەیەکی بیریی بۆ سیاسەتی دەزگاکە بەو جەماوەرە و خەڵکە لێقەوماوە وێنەتان بڵاودەکەینەوە خەمەکانتان بە جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لایەنی مرۆڤ دۆست دەگەیەنین، کە ئێمە خاوەن یەك کێشە و یەك مەبەستین کە کورد بونمانە کە تاڕادەیەکی زۆر توانیویەتی ئەو ئامانجە بپێکێ، بەوەی کاتێ پەیامنێری دەزگاکە لە ناوچەکە ڕوماڵی دەکرد خەڵکە زەرەرمەندەکەی شار و گوندەکانی ڕۆژاڤا لە چاوپێکەوتنەکانیاندا وا دەخوێنرایەوە کە "هەست بکەن جیهان دەیانبینێ و پەیامەکەیان گەیەێندراوە" (الهیجانی. ١٩٩١. ٦٠).

بۆ نمونە یەکێك لە هەواڵەکانی باسی کردنەوەی دەروازەیەکی سنوریی لە نێوان شارەکانی کوردی و شارەکانی خواروی ناوچەکەی تاکو خەڵکی ڕەسەنی شارەکە بڕۆنە دەرەوە لە گوند و ناوچەکانیان یان بە ناڕاستەوخۆ بە خەڵکی شارەکە ڕێگەیان پیشان دەدا، کە چۆڵکردنی شارێکی کوردی لە خەڵکە ڕەسەنەکەی ئاڕاستە دەکات، و لە مەبەستی گوتارەکەدا بە دانیشتوانی شارەکان دەڵێت هاوخەمتانین و دەمانەوێت لەو کوشتارە ڕزگارتان بێت.

لە هەواڵێکی تردا باس لە سەرکەوتنەکانی سوپای تورکیا کە لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەم هەواڵانەدایە، داگیرکاری سوپای تورکی نیشاندەدات وەك هاوسۆزی بۆ خەڵکی ناوچەکە، بەڵام لە ڕاستیدا بە شێوەیەك دەخوێندرێتەوە کە بڵاوکردنەوەی هەواڵی سەرکەوتنی ئۆپڕاسیۆنی سوپای تورکیا و هاوپەیمانەکانی و پیشاندانی شکستی هێزەکان و میللەتی کوردە لەو شارانە.

یان ئاماژە بەڕێژەی ژمارەی ئاوارەبونی خەڵکی ئەو ناوچانە دەکات، کە بەهەزاران کەس ماڵەکانیان جێهێشتووە، یان هەر پاش ئەو هەواڵە لە هەواڵێکی تردا نرخی دەرچونی هاوڵاتیان لە ناوچەکانیان بۆ دانراوە. واتە بە ناڕاستەوخۆ بە دانیشتوانی شارەکە ئەوەی تیا ماوەتەوە دەڵێ وا کەسی تیا نەما لە هەموی نابابەتی و ناپیشەیی تر کە نرخی ڕۆیشتنەکەشیان پێ ڕادەگەیێنێت، گەر تێبینی بکەین هەر لە ڕێککەوتی پێش دەسپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە ناڕاستەوخۆ بە دانیشتوانەکەی ڕاگەیاند کە چۆن شارەکانیان جێبێڵن و کاریگەریی نەرێنی لەسەر هەست و دەرونی تاکی کورد دەکات، ئەمجۆرە هەواڵانە دژ بە گوتاری نەتەوەیی و ئیتیکی کاری میدیایی ئەژمار دەکرێت.

**٤. ئاڕاستەی چوارچێوەی ئیتیکی ڕوماڵکردن و کاری پیشەیی لە ڕوداودا:**

گوتاری ڕۆژنامەوانی ڕوداو لە ڕوماڵی هەواڵەکانی جەنگ و پەلامارداني شارەکانی ڕۆژاڤا وانیشان دەدات بە پێی ستانداری ئیتیکی ڕۆژنامەوانی کاردەکات، هەمیشە ئەو بانگەشەیە بۆ کەناڵەکەیان دەکەن، بە هەمو ئامرازەکانی وا پێناسە دەکەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێجار بەتایبەتی لە ڕوداوەکانی هێرشبردنە سەر ڕۆژاڤا بە پێی پێوەرە بابەتی و ئەخلاقییەکانی میدیایی ڕوماڵی هەواڵەکانیان نەدەکرد. بۆ نمونە لە هەمبەر ڕوداوەکانی ڕۆژاڤا هەندێ ئامرازی هزری (عقلی) یان بە کاردەهێنا لە پیشاندانی پەلاماردانەکان و هێرشە سەربازییەکان یاخود ئاوارەبونی خەڵکەکە (لە چوارچێوەی هەواڵێکی هاوشێوە) بە ئامانجی پیشاندانی ڕەوایەتی بە شەڕ و پەلاماردان و داگیرکارییەکانی شارەکانی ڕۆژاڤا کاریگەری دروستکردن لای بینەر بە مەبەستی بڕوابون پێی.

بۆ نمونە: لە دوای سەر دێری هەواڵەکان ڕاستەوخۆ راپۆرتی بە دوای سەردێری هەواڵەکەدا دەهات لە تێکەڵکردنی هێزی بەرگری و هێزی دژ یاخود ناوهێنانی هێزی ئۆپۆزیسۆنی سوری لایەنگرانی ئێرانی و هێزی یەپەکە پێکەوە. کە ئەمە وا لێکدەدرێتەوە کەوا پیشان بدرێت ئۆپۆزیسۆنی لە ئۆپەراسیۆنی (کانی ئاشتی) بۆ سەر ئەو ناوچەیە لە ڕۆژئاڤای کوردستان هاوشێوەی ئۆپەڕاسیۆنی دژ بە داعشە، چونکە ئەو هێزانەی ناو عەفرین دەستیان بەسەرداگرتووە و خەڵکی ڕەسەنی ئەو شارە نین، بە خستەڕوی نمونەی لەم شێوەیە و ناوهێنانی داعش بە دو مەبەست لێکدەدرێتەوە.

لەلایەك مەبەست بووە بە دەسەڵاتدارن و هاوپەیمانەکانی تورکیا ڕابگەیێنن کە بێدەنگین بەرامبەر ئۆپەراسیۆنەکە و هەروەها ئەو پەیامە بگەیێنن کە دژی تیرۆر و هاوشێوەکانی داعشن هەوەرها دروستکردنی چەواشەکاری لە زهنی بینەر و جەماوەردا بەمەبەستی بە لاڕێدابردنی ڕاستییەکان.

**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp44-54

بۆ نمونە لە هەواڵەکان باسی رەجەب تەیب ئەردۆگان دەکات سەرۆك کۆماری تورکیا لە کۆبونەوەی هەفتانەی فراکسیۆنی پارتەکەی لە پەرلەمانی تورکیا لە وتەیەکدا دەڵێت: ژمارەی ئەو تیرۆریستانەی لە ڕۆژاڤا کوژراون زیاترە لە ١٠٠٠ کەس، لە ئۆپەراسیۆنی باکوری عێراقیش ٣٠٠ تیرۆریست کوژراون، وەتا لە ناوبردنی دواین تیرۆریست ئۆپەراسیۆنەکەمان بەردەوام دەبێت.

لە هەواڵێکی دیکەدا وەك تایتڵی سەرەکی واتە بە گرنگییەکی زۆرەوە لە سەرەوەی هەواڵەکاندا بڵاوکرایەوە کە ئەردۆگان لە ڕێوڕەسمی تایبەت لە ئەنقەرە: بە ئاگربەستەوە ناوەستین ئەگەر لایەنی دیکە بە کشانەوەی هێزەکانیان لە ناوچەکەدا پابەند نەبون. لە شیکردنەوەی ئەمجۆرە هەواڵە و ناوەڕۆکی ئەمجۆرە گوتارانە ئاماژەیەك بۆ پەیامی نەتەوەیی تیایدا بەدیناکرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە دژایەتی دەخوێندرێتەوە. بەتایبەتی ئەو هەواڵەی سەرەوە کە ئاماژەی پێکراوە و بڵاوکردنەوەی کوژراو و بریندار و ناوهێنانیان بە تیرۆریست لە سەر زاری ئەردۆگان، لە کەناڵێکی تورکی و عەرەبیش هەر هەمان هەواڵ و بەهەمان ناوەڕۆك و شێوە بڵاو دەبێتەوە. هەروەها لە هەواڵی دووەمدا ئاماژەدانە بە یاسایی کردنی ئۆپەراسیۆنەکە بۆ سەر ناوچە کوردییەکان و داگیرکردن و لە ناوبردنیان تا دەگاتە باکوری عێراق. لێرەدا بە هۆی بونی ناکۆکی بیروڕا بۆتە هۆی بەلاڕێدابردنی بابەتەکە بە ئاڕاستەی دژی کورد و پێچەوانەی گوتاری نەتەوەیی کورد، چونکە لە گوتاری ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامەیەکی کوردی هەڕەشەی سەرۆکی وڵاتێکی داگیرکاری پارچەیەکی کوردستان بە داگیرکردنی ناوچە کوردییەکان بڵاو بکرێتەوە و بە ناڕاستەوخۆ ببێتە زمانحاڵی داگیرکەر.

**٥. شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕوماڵی هەواڵیی لە چوارچێوەی شێوەی ڕۆژنامەیی:**

شێوازی گوتاری کەناڵی ڕوداو لە هەمبەر ڕوماڵکردنی بۆ ڕوداوەکانی ڕۆژاڤا پەیڕەوی (شێوازی هەواڵیی بە پێدانی زانیاری) بە مەبەستی دروستکردنی ڕا، بە ئامانجی هاوڕابون لەگەڵ ناوەڕۆکی گوتاری سیاسی و ڕاگەیاندنی دەزگاکەیان و سیاسەتی پشت دەزگاکەوە. ئەمەش: (لە ڕێگەی پێدانی زانیاری تەواو وە پەیداکردنی لایەنی تری دروستکردنی هەمان ڕاو بۆچونی ئەوان). (دالین. ٢٠٠٩. ٩٦). بۆ نمونە: لە ڕاپۆرتە هەواڵ، گفتوگۆ و چاوپێکەوتندا، بێگومان ئامادەکردنی ڕاپۆرتە هەواڵ و ڕاپۆرتی پەیامنێرەکان هەمان ئامانج و سیاسەتی کەناڵەکە پەیڕەوی دەکەن، کە دەبێ لە چوارچێوەی سیاسەتی کەناڵەکەیان دەرنەچێت، هەروەها دەربارەی شیکردنەوە و قسە کردن لەسەر ڕوداوەکانی شار و شارۆچکەکانی ئەو ناوچەیە زیاتر ئەو کەس ولایەنانە بانگهێشت دەکران هەمان بۆچونیان هەیە یاخود نزیکن، ئەمەش وا دەخوێندرێتەوە لە ڕێگەی هەمو ئەمانە کار یان لەسەر ئەوە دەکرد کە ڕای بەرامبەریش لە ناو جەماوەر و بینەردا کە هەمان ڕای ئەوانیان هەبێت دروست بکەن، بە هۆی ناکۆکی و جیاوازی بیروڕاکان بووە هۆی بە لاڕێدابردنی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانیەکە لە ڕوداوەکانی ڕۆژاڤادا.

لە ئەنجامی شیکردنەوەی چۆنیەتی بۆ پرسەکانی بە چوارچێوەکردنی ڕۆژنامەوانی بۆمان دەردەکەوێت:

أ. لە میانەی شیکردنەوەی گوتاری ڕۆژنامەوانی ڕوداو لە هەمبەر ڕوداوەکانی ڕۆژاڤا ئەو دەزگایە کەمتر گرنگی بە لایەنە نەتەوەیەکانی داوە و لایەن و هێزە کوردیەکانی ئەو شارەی بە لاواز ناو بردووە، لە بەرامبەردا لایەنی داگیرکەر و هێرشبەری بەرزکردۆتەوە.

ب. لە پلەبەندی (هێزی کارا) کارەکتەر و هێز و لایەنە سیاسی و شەڕکەرەکانی گۆڕەپانی ئۆپەراسیۆنی سەر ڕۆژاڤا ئەو هەفتەنامەیە بە پلەی یەك بەرپرسە باڵاکانی حکومەتی تورکیا وەك سەرۆکی وڵات، وەزیری دەرەوە و پاشان سوپای تورکیای ناو دەهێنا لە گەڵیاندا گروپە هاوبەشەکانیان ئۆپۆزسیۆنی سوریا ئەمەش زیاتر باڵا دەستی سوپای تورکیای پیشان دەدا. پاشان بە پلەی دو کاری لە سەر ئاوارەکان و خەڵکی سڤیل دەکرد. بە پلەی سێ کاری لەسەر هێزە کوردییەکان دەکرد، پاشان ڕۆڵی ڕوسیا و ئێران بە پلەی چوارەم هاتووە.

ج. لەبەرئەوەی هەڵکەوتەی ناوچەکانی سەر سنور و ژێر دەسەلاتی هێزی سوریای دیموکراتی کە لە پارچەیەکی تری کوردستانە و بەشی ڕۆژئاوایە و مەیدانی جەنگەکە بو، بێگومان بۆ دەستکەوتنی سەرجەم ڕوداو و هەواڵەکانی ڕوداو لە بارەی شاری عەفرین لە سەرچاوەی جیاوازەوە هەواڵی بە دەست دەگەیشت بێجگە لە پەیامنێرانی کەناڵی ناوبراو بۆ وەرگرتنی هەواڵی ڕۆژانەی ڕوداوەکانی ڕۆژاڤا و دەوروبەری سەرچاوە هەواڵییەکانی تورکیا بە پلەی یەکەم هاتووە بەو پێیەی زۆرینەی ئەو هەواڵانەی کە پەخش دەکران ئاماژەیان بە سەرچاوەی تورکیا دەدا، واتە دەقاودەق بڵاویان دەکردەوە لە سەر زاری سەرۆکی وڵاتی تورکیا، وەزیری بەرگری یان وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە. واتە لە کەناڵەکانی ناوخۆی وڵاتی تورکیاش هەمان کەسایەتی و لێدوان و هەواڵیان بڵاودەکردەوە بێسانسۆر ئەمەش دەبووە هۆی بریندارکردنی هەستی نەتەوەیی کورد بە گشتی و ڕۆژئاڤا و دەوروبەری بە تایبەتی.

د. وەك لە بەدواداچون و شیکردنەوەی گوتاری ڕۆژنامەوانی ڕوداو بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە هەمو ڕۆژەکانی ئەو ماوەیە هەواڵی گەرماوگەرمیان پەخش کردووە دەربارەی گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی ڕوداوەکانی ڕۆژاڤا، لە کۆی سەرجەم سەرچاوەی هەواڵەکان بە پێی پلەبەندی بە پلەی یەك سەرچاوەی هەواڵەکان لە سەرچاوەی فەرمی ڕاگەیاندنی تورکیاوە وەرگیراوە، بە پلەی دو لە سەرچاوە هەواڵی پەیامنێرانی کەناڵەکە وەرگیراوە، بە پلەی سێ سەرچاوەی هەواڵی یەپەگە بووە لە ڕێگەی پەیامنێرانی کەناڵەکەوە دەگوازرایەوە، هەندێ سەرچاوەی دەرەکی و نەناسراو کە لە کاتی وەرگرتنی هەواڵەکە و گەیاندنیدا دەوترا (بە پێی سەرچاوەیەك). بە تایبەتی لە هەواڵەکانی تایبەت بە ڕۆژئاوای کوردستان دەڵێت: سەرچاوەیەکی تایبەت لەگوندی... لە ڕۆژهەڵاتی... بە تۆڕی میدیایی ڕوداوی ڕاگەیاندووە (٩ پاس پڕبون لە ئاوارەی عەرەب لە گوندی چونەتە نێو گوندەکانی)، یان لە هەواڵەکاندا سەرچاوەیەك لە ناوەندی شاری سەری کانێ، سوپای تورکیا و چەکدارانی ئۆپۆزسیۆن ڕێگای گەڕانەوە لە ئاوارەکانی کورد دەگرن. بەبێ دەستنیشانکردن و ناوهێنانی سەرچاوەکە ئەمەش بەو مەبەستە بو کە خۆیان زاڵ بن بە سەر کۆی زانیارییە بڵاوکراوەکاندا کە پەخشی دەکەن.

ه. هەروەها لە میانەی گەرماوگەرمی ڕوماڵی ڕوداوەکانی ڕۆژاڤا کەمتر شرۆڤەکار و کەسانی سیاسی و ئەکادیمی چاوپێکەوتنیان لە گەڵدا کراوە ئەو ژمارە کەمەی کە بانگهێشت دەکران کەسانی بێلایەن و ئەکادیمی و نەتەوەیی نەبون.

## ٥. ئەنجامەکان

لەمیانەی توێژینەوەمان بۆ شیکاری گوتاری ڕۆژنامەوانی بۆ هەفتەنامەی ڕوداو سەبارەت بە گوتاری نیشتمانی گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. گوتاری ڕۆژنامەوانی لە هەفتەنامەی ڕوداو بە ئاڕاستەیەکی پیشەیی و بابەتی تایبەت بە ڕوماڵی ڕوداوەکانی ڕۆژاڤا نەڕۆشتووە و بەشێوەیەك کە لە

بەرژەوەندی و پەیڕەوپرۆگرام و سیاسەتی دەزگاکە کاری کردووە. ئەمەش هۆکاری سەرەکییە بۆ نەبونی گوتاری میدیایی نەتەوەیی سەبارەت بە پرسە نەتەوەیی ونیشتیمانییەکانی گەلی کورد کە یەك ئاراستە و ڕاوبۆچون لە پرسە نەتەوەییەکان پەیڕەوبکرێت.

**٢.** بونی بەڕێوەبردن و پاڵپشتی ماددی و معنوی دەزگا ڕۆژنامەوانییە کوردییەکان بەتایبەتی دەزگای ڕوداو لەلایەن حزب و کەس و لایەنە دەسەڵاتدارەکان بەهۆی ئایدیۆلۆژیای جیاواز وایکردووە گوتاری نەتەوەیی هەر دەزگایەك بە ئاراستەیەکی جیاواز لە دەزگایەکی دیکە بێت.

**٣.** گوتاری ڕۆژنامەوانی ڕوداو لە پرسە نەتەوەییەکانی سەبارەت بە ڕوداوەکانی ڕۆژاڤا لە خزمەت پرسە نەتەوەییەکەدا وەکو پێویست نەبو، بەڵکو لە ڕوماڵی ڕوداوەکان تا رادەیەك ڕۆڵی هەبو لە دروستکردنی جیاکاری لە ڕوانین و پێناسەی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بۆ گەلی کورد، هەر پارچەیەك و لایەنێك بە شێوازێکی جیا لە ناوچەیەکی تر تێڕوانینی هەبێت.

**٤.** لە ڕوی شێوازی ڕوماڵی هەفتەنامەی ڕوداو سەبارەت بە ڕوداوەکانی ڕۆژاڤا زیاتر ژانری هەواڵ سودی لێوەرگیراوە کەمتر ژانرەکانی تر گرنگی پێدراوە و گفتوگۆی و شرۆڤەی سیاسی تیایدا کەمتر بەکارهاتووە.

**٥.** بە پێی پرەنسیب و بنەماکانی ئیتێکی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەکە هەفتەنامەی ڕوداو پابەندی پرەنسیپ و بنەماکانی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی لە ڕوماڵی ڕوداوەکاندا نەبو و لەڕوی بابەتی و پیشەیی پەیڕەوی نەکردبو بەڵکو لایەنگیری پێوە دیار بو.

**٦.** بیرۆکە و هێزی کارا و چوارچێوەی گەڕانەوەیی و ڕێگا سەلمێنراوەکانی لە شیکردنەوەی گوتاری ڕۆژنامەوانی هەفتەنامەی ڕوداو لە ڕۆماڵی ڕوداوەکانی ڕۆژاڤا بە ئاراستەی بەرژەوەندی دوژمنەکان کاریکردبو، نەك وەك ئەوەی پێویست بو هەبێت لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.

## ٦. پێشنیاز:

بۆ ئەم توێژینەوەیە چەند پێشنیازمان خستۆتەڕو

**١.** لە کاتی دروستبونی هەر قەیران و هێرش و پەلامارێك بۆ سەر هەر شار و ناوچە و پارچەیەکی کوردستان، دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان هەوڵ بدرێت لە ڕوماڵی هەواڵ و ڕوداوەکانیدا زیاتر لایەنی نەتەوەیی لەبەرچاو بگیرێت، وەلانانی بەرژەوەندییە تەسك و بچوکەکان لەو کاتەدا. کارکردن بۆ یەك گوتاری نەتەوەیی لە گوتاری ڕۆژنامەوانییە کوردییەکاندا و هاوڕا و هاوئاراستەبن لە گوتاری نەتەوەییدا.

**٢.** پارتە سەرەکی و دەسەلاتدارەکانی کوردستان بە هەمان ڕێباز و سیاسەت، کە چەندین کەناڵی ئاسمانی و ڕۆژنامە و گۆڤار و پێگەی ئەلیکترۆنیان هەیە بە مەبەستی چڕکردنەوەی ڕاوبۆچونەکان لە یەك مەبەستدا هەمویان یەکگوتاری میدیایی پەیڕەوبکەن یان کەناڵێك تەرخان بکرێت بۆ پرسە نەتەوەییەکان و بە کەناڵێکی نیشتمانی بناسێنرێت.

**٣.** دامەزراندنی دەزگایەکی بڕیاردانی گوتاری میدیایی سەرتاسەری، یان دەزگای باڵای ڕاگەیاندن کە ڕێکخستن و چاودێری گشت کەناڵەکانی میدیای بکات بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان.

## ٧. ڕاسپاردە:

بۆ ئەم توێژینەوەیە چەند ڕاسپاردەمان خستۆتەڕو بۆ دەزگا ئەکادیمییەکان ڕاسپاردەمان ئەوەیە توێژینەوەی زیاتر لەلایەن توێژەران بۆ بابەتی گوتاری ڕۆژنامەوانی و چۆنیەتی پێشخستنی وبەکارخستنی لەنێو دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان و یەکگوتاری لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بەشێوەیەکی ئەکادیمی و پیشەییانە ئەنجام بدرێت.

## ٦. لیستی سەرچاوەکان

ابراهيم، عامر، (١٩٩٣)، البحث العلمي و استخدام مصادر معلومات، ط:١، بغداد .

ابو زيد، رجاء يونس، (٢٠١٢)، تحليل الخطاب الاعلامي، ط:١، غزة .

جابري، محمد عابد، (١٩٨٥)، الخطاب العربي المعاصر، ط:١، بيروت .

دالين، فان، (٢٠٠٩)، مناهج بحث تحليل و في التربية وعلم نفس (ترجمة- نبيل نوفل)، مط: انجلو مصرية، القاهرة.

ساندريس، فيلي، (٢٠٠٢)، نحو نظرية اسلوبية لسانية، دار الترجمة- مطبعة دمشق، سوريا.

سجادی، علاءالدين، (١٩٦٦)، مێژوی ڕاپەڕینی کورد، چ:٢، بغداد .

سميسم، حميدة، (٢٠١٣)، الخطاب الاعلامی العراقي بين النظرية و التطبيق، ط:١، بغداد.

شرفة، الياس، (٢٠٠٧)، منهج تحليل مضمون، جامع سكيكدة، القاهرة .

شومان، محمد، (٢٠٠٤)، اشكاليات تحليل خطاب في الدراسات الأعلامية العربية، ط:١، القاهرة .

شومان، محمد، (٢٠٠٧)، تحليل الخطاب الأعلامي – اطر نظرية و نماذج تطبيقية، المكتبة الأعلامية، مصر .

عبدالحميد، محمد، (٢٠٠٠)، البحث العلمي في دراسات الاعلامية، دار عالم الكتب، القاهرة .

عبدالمظفر، هبة، (٢٠٠٩)، مدارس تحليل الخطاب الأعلامي، ط:١، دار النور، القاهرة.

عبدالمقصود، هشام عطية، ٢٠١٧، دراسات في تحليل الخطاب الاعلامي، دار الناشر العربي، القاهرة.

عيسي، اعتابي، (٢٠٠٣)، تحليل اعلامي- عوامل تأثيرات نفسية، ديوان مطبوعات الجامعية- جزائر .

قرداغی، عطا عثمان، (٢٠١٦)، کورد و گوتاری نەتەوەیی، چ:١، سلێمانی .

مصلوح، سعد، (١٩٨٤)، الأسلوب دراسة لغوية، ط:١، القاهرة .

نبيل، شايب، (٢٠٠٩)، اليات التحليل للخطاب اعلامى (من التمثيل التأويل)، ط:١، دار خلدون، الجزائر.

نجوش، نجيب، (٢٠٠٣)، الدلالة و المعني في الصورة، دار الخلدون للنشر، الجزائر .

هياني، محمد، (١٩٩١)، التصوير و الخطاب البصري، مط: افوبرايتد، المغرب .

ئیبراهیم، ئاریانا، (٢٠١٨)، زمانی ڕاگەیاندن، چ:١، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

شومان، محمد، ٢٠١٧، اشكاليات تحليل خطاب في الدراسات الأعلامية العربية، منتدى مجمع اللغة العربية، http://www.m-a-arabia.com/vb/showthread.php?t=21652 ، ڕێککەوتی سەردانیکردن: ٢٠١٩/١٢/٣٠